# لەسەر "دوعا" دەرگای دۆزەخ بەڕووی یەزیدییەکاندا مەکەنەوە

**سەردار محەمەد**

کوشتنی "دوعا" چ نامرۆڤانە بوو؟! من لەهەموو ژیانمدا مەرگی کەسێکی ترم نەبینیوە بەئەندازەی کوشتنی ئەو کچە یاخیو عاشقەی لەبەهاری تەمەنیدا بەوپەڕی دڵڕەقییەوە لەکۆلانێکی چەپەکی بەعشیقەدا بەگەلەکۆمەکی کوشتیان، هەژێنەر بوو بێت.

ئیدانەکردنی ئەم کارە شتێکە قسەوباس هەڵناگرێ. بەڵام با ئەم راستییە لەجێیەک دابنێینو بێین لەمەترسی شێوەی ئیدانەکردنی ئەم چەند رۆژەی رابردوومان بڕوانین، کە لەبری ئەوەی نارەزاییەکانی ئێمە بەئاراستەی راستو دروستی خۆیاندا ببرێو داوای بەدادگایی گەیاندنو سزادانی بکوژەکانی "دوعا"و هەموو "دوعاکان"ی تری ئێمە بکرێت، خەریکە زۆر بەخراپ سوود لەو کارەساتە وەردەگیرێ بۆ ناشیرین کردنی یەزیدییەکان، وەک ئەوەی "کۆی یەزیدییەکان" لەم تاوانەدا شەریکو هاوبەش بن.

با جارێ بپرسین: ئایا تەنها یەزیدییەکان کچو ژنەکانیان لەسەر "ئەخلاقو ناموس" دەکوژن؟! ئەگەر وانییە، ئەی "کوشتنی ژن" شێوەی جوانو ناشیرینی کوا؟ رەنگە جیاوازی گەورەی کوشتنەکەی ئەم "دوعا"یە لەگەڵ دوعاکانی تردا ئەوە بێت کە ئەمەیان بەئاشکراو بەبەر تیشکی خۆرەوە ئەنجامدرا، بەڵام ئەوانیتر لەنێو تاریکیدا. هەموومان ئەو راستییە دەزانین دوعا نە یەکەم کچو ژنە دەکوژرێ، نە دوا کچو ژنیش دەبێت. ئیتر بۆ کارەساتی دوعا بکەینە ئەو تاشەبەردەی یەزیدییەکانی لەسەر تێکبشکێنرێت کە هەر هەموومان باش دەزانین دەشێ رۆژێک لەڕۆژان چارەنووسی دوعا، چارەنووسی هەر کچێک لەکچەکانی ئێمە بێت؟ بۆ دەبێ ئێمە "دەرزی لەچاوی خەڵکا ببینین، بەڵام سوژن لەچاوی خۆماندا نەبینین"؟

لەم ساتەوەختە ترسناکەدا پێویستیمان بەکەمێک هوشیارییە! دەنا دەمەزەردکردنەوەی رقو قینی رای گشتی بەرامبەر بەیەزیدییەکان، مەترسییەکی گەورەی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، بەتایبەتی لەم دۆخە سامناکەدا کە کەمایەتییەکانی ناوچەکەی تێکەوتووەو هەر هەموویان لەبوونی خۆیان دەترسن. یەزیدییەکان، کە کەمایەتیەکی ئایینی داخراونو رابردوویەکی پڕ لەچەوساندنەوەو توندوتیژی لەدوای خۆیانەوە بەجێدەهێڵن، بەردەوام گەرەکیانە توند دەستبگرن بەڕەگوڕیشەو دابونەریتی خۆیانەوە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی "موسڵ"دا کە ژیان بێ ئەندازە توندوتیژەو دڵرەقی بووە بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی رەگداکوتاو.

لەم کاتە هەستیارەدا، ئەگەر ئێمە بەراستی پەرۆشی بنیاتنانی ئەم وڵاتەی خۆمان بین، ئەوا بەدیهێنانی مەحاڵە گەر بەشێکی بنەڕەتی پێکهاتەکەی بکەینەدەر کە کەمایەتییە ئایینییەکانو مادەی 140یش ناوچەکانیان دەگرێتەوە. کەوابوو تکایە با تیرۆرکردنی ئەو کچە نازدارە نەکەینە پاساو بۆ کردنەوەی دەرگای دۆزەخ بەڕووی یەزیدییەکانداو تا زووە خۆمان لەوجۆرە روانینە سەقەتە بۆ کارەساتەکە رزگارکەینو باوەش بۆ هەموو کەمایەتیەکانمان بکەینەوەو رێز لەتایبەتمەندیەکانیان بگرین، بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە "ماڵی راستەقینەی هەموومان" بەیەزیدیو کاکەییو شەبەکو مەسیحییەکانیشەوە.